ئەو شارەی لە دەموچاو نزیکترە – شیعری: ئەدۆنیس … وەرگێڕانی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

ڕۆژگاری ئەو شارە لەژێر ئەو کەوانانە بەڕێوە دەچێ کە وێرانە دایمەزراندوون
شوێنەکە پڕ لەو تارماییانەن و خەریکی سەیرانن و تاریکی ڕێبەریەتی
بە کووڵەکووڵ دەچمە ژوورەوە و کەمەرم خەریکە بێردوومان دەکرێ
کازیوەش خێی دۆنیای کردم کە ئەو کەمەرەی ڕووناکییە
لە چ شوێنان تاریکاییم نەبینیوە بەمجۆرە دڵخۆش بێ.
هەور بە پستەپست قسەبارانی دەچێی و
بایش باسی کەزیی تێزوبای دەکرد
وەك ئەوەی شەهوەتی ژیان لەنێو شەهوەتی مەرگدا بتوێتەوە.

- لە هەموو لاوە سیاسەتی خەڵەمێش دەپارزنرێ
- خەڵەمێش بانگەاهی ئاسێیە
- بەس شەو لەخەو ڕاکە، ئەی ئەستێرەی خەوتوو.

لەسەر دەستی خێروخێشی.

——— 2 ———

بەکووڵەکووڵ دەچمە ژوورەوە و کەمەرم خەریکە بێردومان دەکرێ
کازیوەش خێی دۆنیای کردم کە ئەو کەمەرەی ڕووناکییە
موزیقا خیانەتی کرد
هیچ ئامێرێ نییە، بەڵام هەست دەکەی دەنگت ژێیەکی پچڕپچڕە،
نابینرێ، دەنگەکانیش بەفرێکی ناوەختن، لە شوێنکن بێ ئەوان نییە.
ئاوریشم خیانەتی کرد.
تەماشای ئەو نانە بکەن کە دەچنە شوێنکی بێجێ، شەڵاڵی تووە
لەگەڵ خۆتان ببەن کە لەنێو جامکدا بێ وەك کرمکەی ئاوریشم وابێ.
هێلکەش خیانەتی کرد.
هەموو ڕووکارێ تاوانبارە و هەموو ناخکیش بێگوناهە
بەبیر خیانەتی کرد
چاوەنوارێی کەس ناکا، چاوەنڕێی هیچ ناکا
جەستەیەکە و وەك گۆچانێ وەستاوە کە با خێی خستبێتە سەر
گەورە خیانەتی کرد

ئەو دڕەختە چەندە سەرسوهێنەرە
لە ڕێشتن ناکەوێ بەڕام ڕووەو بەرزایی
ئاسمان پێش ئاسمان.
شێخ مەکاریە خیانەتی کرد
ژنگای ماڵی ئەو ژنەی کە خۆشیدەوێ، پێچاوپێچە و تەواو نابێ
ئەوەتا خەریکی مردنە و هەردوو قۆڵی کردۆتەوە.
ثابت خیانەتی کرد
دەموچاوی ئەو گەشتە چەندە چرچوڵۆچە
چاڵایی جەستەی ئەم کاروانە چەندە قووڵە.
بازاڕی تەویلە خیانەتی کرد
منداڵیی بزاق دەبردرێ
بەڕام ساڵ بە ساڵ
چوونە دەرەوە تێیدا گەورە دەبێ و هاتنە ژوورەوە بچیك
سەعیداغا خیانەتی کرد
دەستی سەفەر لەسەر سەرکە و
خۆشیش سەرەکەی دیکەتە
چۆن دووری نابڕتە خوێنبەری نزیکی؟
ئایا سییەکانی هەندیش گەشتیارن؟

——— 3 ———

- بڕۆن: بەیانی بێ ئەمڕۆ نییە
- بزربوون لەسەر پەپکەی خۆر چاپکراوە.

دەتەوێ مەرگ ببینی لەبەردەمتا ژیان وەکو تڕپ غلکاتەوە؟
دەتەوێ ئەم ساتە بنووسییەوە لە بارودۆخە تایبەتییەکانیدا
دەستی بەسەردا بگەڕی، لەخۆگەوزاندن و گرژبوون و
خاوبوونەوەیدا
لەکاتێکدا هیچ سات و شوێنێ بەشداریی لەگەڵدا ناکەن؟
کەواتە هەر دەبێ لەسەرێکی دڕزەخدا بژی، لەسەر کەناری
جەهەننەمێك،
لە باوبژێکدا کە لە نووکی سەری نێزە هەڵدەکا،
لە ڕێوبانێك کە مەڕوستان خۆی نەتوانێ بەسەریدا بڕوا
لە جەنازەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستیدا، پرسەی ناشتنی بیر.

- لە هەموو شاران هەر شەقامێ دایك و بابێکی هەیە و
هەموو شەقامەکانی ئەم شارە سڕوین
- لێرەدا دەستی زەمین زۆر بەتوندی کار لەگەڵ دەستی ئاسمان دەکا.

——— 4 ———

ئەوە خۆرە لە گڕەپانی ناندا دەستی لە چۆکی وەریناوە و

دانیشتووه،
دەموچاوت چواردەوری داوم
لەکاتێکدا دووردەکەویەوە و دوور دەکەویەوە
ئەی ئەو شارەی لە دەموچاو نزیکتری.
——- سەرچاوە: ژ 10972 ی الحیاة ———

خولگەکان

1

جەستەت خۆی لەخۆیدا گۆی سەر ڕۆگاکەتە
گۆڵێك لە یەك ساتا هەڵدەوەرێ و دەپشکۆ

2

گەر ڕۆگاکەت خۆش بێت
گەر دەوروبەری دۆزەخ نەگاتەوە
بە دۆزەخ خۆی
هەنگاوەکانت لە دەرازینکەوە دەوەستن
چەندە ڕۆیشتی و من ڕۆیشتم

3

هیچ جارێ هەستت کردووە
بەرەبەیانێك بێ هەنگاوەکانت تەسك بێت؟
کەواتە بەئاگا هاتووی و جەستەت تژی لە خۆشەویستییە

4

هەرچەندە دەریا خوڕەی بێ
جەستەش پستەپستێکی هەیە، خوڕەکەی
لەو توندتر و دوورتەرە

5

جوانترین و پاگژترین باران
سەرچاوەکانی ڕووح ئاودەدا
ئەوەیە کە لە هەوری جەستەدا دەبارێ

6

بیر لە جەستە جوێ بێتەوە
تەنیا باڵندەیەکە لە پووش

7

هەر بەرەبەیانێك جەستەیەکی ونبووی خۆی هەیە
هێردوو بازووی زارێکت بێ دەکاتەوە

8

بدوێ، وەك چۆن باڵندە دەدوێ
بیابانیش چاوەڕێتە و

گوێت بێ دەگرێ
9
چۆن زەرم لێدەکەی پاپشتت بم
هەر خۆت بووی هێردوو شانت دزیم
10
ڕۆشنایی نزیکترین هاوڕێی بیرە
سایەش نزیکترین هاوڕێی جەستەیە
11
دەستەکانت بخەرە نێو دەستی خەڵ:
تۆ و ئەو دووانەی ڕۆشنایین
12
خەون پاسەوانیی دەرگاکانی پێسپاردم
کلیلەکانیشی لەگەڵ خۆی برد
13
لێرە، لەسەر ئەم ڕووپەڕە
بەتایبەتی لەنێو هەشاییەکەیدا
کاروانێ لە خەونەکانم دێو دادەبڕێ:
چیی بە خوێنم بژێم ئەی مەرەکەب
کە لە لێژایی تڕەوە دەردەچێ؟
14
نووسینی فەزا جێی کوژانەوەی
بای لێ نابێتەوە
15
کەنارەکان ماڵی شەپۆلەکانن
شەپۆلەکان کۆچی کەنارەکانن
16
هیچ هێکارێکی وام نییە بەس بێ
تا ئاماجی جەستە دەربخەم
17
جگە لە زمان، هیچ ڕووپۆشێ نییە
زمانیش لێفەیەکی کونکونە
18
تەواوبوون نییە و چ ڕۆیەکیش بەومان ناگەیەنێ
ئەوە هەموو ڕۆیەکەمە
19
ناتوانیت ڕۆشنایی بنووسی
تەنیا بە مەرەکەبێ تێکەڵ بە سێبەر نەبێ

20
هۆشیاربوونی ڕاستەقینە
فڕێ دەکا چۆن بخەوێ
21
شیوەننامەی هاوڕێ
تیکەڵاوی چەو و ئاردی ناو پووشە
بە پەیکەرێکی بەردینەوە لکێنراوە:
ماڵەکەمان ئاوا بوو
هەموو شتێ وا دەستیپێکرد
* * *
خەونەکان خەزانێکی تریان هەبوو
* * *
تێکەڵی جوتیاران دەبم
هەندێکیان لە باوەشی درەخت دەخەوتن
هەندێکی تریان لە ڕۆخی ئاسۆ
* * *
منداڵیی خۆی لەگەڵ کووزرە گەنم بەبا دەدا
* * *
بە تاکە ڕۆیەك گەشەی کرد: ئەو ڕۆگایەی
کە خۆر بەسەریدا دەڕوا و، دڵ و ڕادەبڕێ
* * *
لەنێوان دوو خەمدا ژی:
چۆن ڕۆشنایی بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕێ و
چۆن تاریکی دەنووسێتەوە
* * *

خۆر پێیگەیاند و شەو چنیی

سەرچاوە: الحياة / ژمارەی ڕۆژی 6/5/2003